حکومەت ڕێنمایی دەدات بە ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل

ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی بازرگانی جەختیکردەوە کە حکومەت نزیکە لە دەرکردنی میکانیزمێك بە ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل.

وتەبێژی وەزارەت محەمەد حەنون، بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئاگیاند: وەرقەیەکی کارکردن هەیە کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە لەگەڵی کەمپانیای گشتی ئۆتۆمبێلەوە پێشکێشکراوە بە ڕێکخستنی میکانیزمی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل،و ئەنجومەنی وەزاری بە ئابووری پەسەندی کردوەو ڕێوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد.

وتیشی: وەزارەت چاوەڕوانی دەرکردنی ڕێنماییەکانی حکومەتە سەبارەت بە میکانیزمی پێشنیارکراوی جێبەجێکردنی فەرمی.

ئاماژەی بەوەشکرد: وەزارەتی بازرگانی جددییە لە جێبەجێکردنی میکانیزمەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، وەزارەتی دارایی، و دەستەی گومرگی.

ڕونیشیکردەوە: ڕێکخستنی پرۆسەی هاوردەکردن کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دێنە ناو عێراقەوە، هاوکات لەگەڵ ڕێچاوکردنی توانای ڕێگاوبانەکانی وڵات و پێشنیازکە ڕێکخستنی هێنانی ئۆتۆمبێلی کۆن و میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەگرێتەوە.